# چۆنیەتی دروستبوونی کاتی هاوینە

**موژدە**

سەرگوشتەی کاتی هاوینە و زستانە بۆ ساڵی ١٧٨٤ ی زایینی دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمجار لەشێوەی پێشنیارێکی سەیر لە پاریس بلاوکرایەوە، دوای ئەوەی کابرایەك (ولیام ولت) لە ساڵی ١٩٠٧ی زایینی نامەیەکی بەنێوی (بەفیرۆدانی رووناکی خۆر) بلاوکردەوە، کە بیرۆکەی نامیلکەکە بەمجۆرە بوو:

دەبێت لە وەرزی بەهار و هاویندا کات بۆماوەی هەشتا خولەك پێشبخرێت، ئەویش بەمەبەستی سوود وەرگرتن بەپێی توانا لە رووناکی خۆر دوای ئەوەی هەستا ئەو نامیلکەیەی بەسەر خاوەن پیشە و کارگەکان دابەشکرد، بەتایبەتی. کارگە بەرهەمهێنەکان و .... هتد.

نامیلکەکەی گەیاندە ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانی بۆ ئەوەی ئەوانیش لە رێگای خۆیانەوە هەوڵبدەن بۆ سوود وەرگرتن لە رووناکی خۆر.

بەمەبەستی زێدەکردنی بەرهەمی ئەو بیرۆکەیە لەسەرەتادا لێرە و لەوێ زۆر بەرهەڵستی کرا، بەڵام زۆری نەبرد کە ئەم سەرگوشتەیە بەناوی کاتی هاوینە و زستانە ناونرا شێوەیەکی فەرمی وەرگرت و بەهەموو ولاَتانی جیهان بلاوبۆوە.

ئەوە بوو رۆژی ٢٢/٥/١٩١٦ ی زایینی لە شانشینی بەریتانیا بە فەرمی کاری پێکرا و بووە یەکەمین ولاَت لە مێژوودا کە پەیرەوی ئەو کاتەی کرد، پاشانیش لە ئەڵمانیا لەکاتی یەکەم جەنگی جیهاندا پەیڕەو کرا و کاتی هاوینە لای ئەوان بە (پاشەکەوتکردنی رووناکی خۆر) ناسرا. دوای ئەوەش لە زۆربەی ولاَتانی ئەوروپا کار بەم کاتە کرا.

لە ولاَتانی عەرەبیشدا، میسر یەکەم ولاَتی عەرەبی بوو کە ئەم کاتەی پەسەند کرد و کاری پێکرد.

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ یەکەمجار لە شانشینی ئەردەنی پەیڕەو کرا و لە عێراقیش بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٢ کاتی جەنگی عێراق-ئێران کار بەکاتی هاوینە کرا.


rawezhgovar@yahoo.com